# د. سامان فەوزی:

## بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠

## نابێت هەموو خەتاکە بخەینە سەر شانی لایەنی بەرانبەر

ئامادەکردنی: توانا حەمەنوری

پەرلەمانتار د. سامان فەوزی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەدیدارێکی هەفتەنامەی هەواڵدا باس لە رەوشی حکومەتی عێراق و پەیوەندیی و کێشەکانی لەگەڵ کورد کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەبێت ئەو راستیە بزانین جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ مەرج نییە لە ١٠٠% هەموو هەڵە و خەتاکە بخرێتە سەر شانی لایەنی بەرانبەر، بگرە لایەنی کوردیش دەبێت لەو رووەوە زیاتر ئەکتیڤ بێت، پێشی وابوو کە کورد دەبێت وەرقەی خۆی هەبێت بۆ کۆنگرەی نیشتمانی.

* ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت کە دەستووری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دەستوری عێراقدا ناگونجێت، وەکو کورد لە نێو ئەنجومەنی نوێنەران، چیتان ئامادەکردوە بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو قسانە؟

- بەڵێ راستە نزیکەی دوو هەفتەیەکە، لە بەغدا و لە راگەیاندنەکان وردە وردە گەرم دەکرێن بەو ئاراستەیەی قسەکردن لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەدوای ئەو بەیاننامەیە هات کە چەند ئەندامێکی لیستی عێراقی، لە نوێنەرەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە دژ بە دەستووری هەرێمی کوردستان، بەیاننامەکەش بە زمانێکی زبر و توند نووسراوەتەوە و بەشێوەیەك دەڵێن گوایە ئاگاداری هەموو خەڵکی عێراق دەکەین بەوەی کە ئەم هەنگاوەی دەستووری هەرێم هەنگاوێکە بەرەو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، وەڵامی ئەو جۆرە لێدوانانەمان داوەتەوە، بەردەوام لە کەناڵە عەرەبییەکان و چاوپێکەوتنەکان، قسەمان لەسەری کردوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەت و قسانەی کە لەلایەن هەندێك لە شۆڤینیەکانەوە دژ بە هەرێمی کوردستان هەڵیدەبەستن، ئەم جۆرە قسانەش هەندێك جار خەڵکی ئاسایی پێی فریودەدرێت، لەکاتێکدا ئێمە وەڵامی راستمان هەبووە و پشتمان بە دەستووری عێراقی بەستبوو بۆ وڵامدانەوەی ئەو بانگەشانەی کە هەندێك لە پەرلەمانتاران بە تایبەتی پەرلەمانتارانی لیستی عێراقیە، جگە لەوانەش ئێمە لەهەمان ئەو رۆژەی کە لیستی عێراقیە ئەو بەیاننامەیەی دەرکرد، بەیاننامەی خۆمان بڵاوکردەوە و وەڵامی ئەو جۆرە لێدوانانەی ئەوانمان دایەوە و دوای کۆتایی بەیاننامەکەش ئەوەمان راگەیاند کە ئەگەر ئەو جۆرە قسانە دووبارە ببێتەوە ناچار دەبین هانا بۆ دادگا بەرین و ناچار دەبین داوای هەڵگرتنی پشتیوانی پەرلەمانیان لێ بکەین بۆ دادگایی کردنیان، چونکە ئەو جۆرە لێدوانانە تەنها بۆ زیندوکردنەوەی تایفی و نانەوەی ئاژاوەیە و ئەو قسانە دژی بڕگە و

مادەكانی دەستوورن بە تایبەتی لە مادەی حەوتدا، ئەمە جگە لەوەش ئەو پرۆژەیە لە هەرێمی كوردستانەوە دەرچوە و زۆرینەی دەنگ دەنگی لەسەر دراوە، هەروەك منیش بەر لەوەی ببمە پەرلەمانتار تێبینم هەبووە لەسەر ناوەرۆكی ئەو پرۆژە دەستوورە، بەڵام نەك لەو بابەتانەی كە لایەنە عەرەبییەكان ئاماژەی بۆ دەكەن، بەڵام لەلایەن و مەسەلەی دیكەدا تێبینی و سەرنجم هەبوە، لە ئێستاشدا پێموایە هەندێك هەڵە و كەموكوڕی تێدایە، باشتر وابوو پەرلەمان بەرلەوەی پەلە بكات لەدەركردنی ئەو پرۆژەیە، ئەو هەڵە و كەموكوڕیانەشی لابردایە، بەڵام دیارە رایەكی جیاوازتریش هەیە و پێیوایە ئەو هەڵە و كەموكوڕیانە دەشێت لەداهاتوودا لاببرێت و چارسەر بكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێبینیانەی لەنێو هەرێمی كوردستاندا هەن جێگەی رێزن و جیاوازە لەو قسانەی پەرلەمنتارە عەرەبكان باسی لێوە دەكەن، كە لە نەهجێكی چاو هەڵنەهاتن بە مافەكانی كوردستان و ئاوەدانیەكی هەڵنایەت.

* ئێستا لەنێو مانگی دووی ساڵی ٢٠١٢داین و تا ئێستا بودجە پەسەند نەكراوە، ئەو كێشانە چین كە وایكردوە تا ئێستا پەسەند نەكرێ؟

- بەر لەساڵی تازەدا و لە كۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی رابردوو، لە دەزگایەكی راگەیاندنەوە پەیوەندیم پێوە كراوە، بۆ ئەوەی كە بودجە كەی پەسەند دەكرێت؟ بەتایبەتی لەدوای ئەو قەیرانەی تارق هاشمی و ساڵح موتڵەگ لەو كاتەدا رامگەیاند كە پێم وانییە بودجەی عێراقی تاكۆتای مانگی دووی ساڵی 2012 پەسەند بكرێت، بەڵام كۆمەڵێك پەیوەندیم پێوەكراوە كە ئەو ماوەیە زۆرە بۆ بودجە دانراوە و پێدەچێت زوتر پەسەند بكرێت، بەڵام ئێستا ئەگەر لەكۆتایی مانگی دوودا پەسەند نەكرێت ئەوا پێدەچێت بچێتە نێو مانگی سێشەوە، لەبەر ئەوەی بودجە كە نێردراوە بۆ پەرلەمان پڕی لە هەڵە و كەموكوڕی نێردراوە، هەر وەك هەڵەی حكومەتی عێراقیە كە بودجەی لە مانگی دوانزەدا رەوانەی پەرلەمانی كردووە، ئەمە لەكاتێكدا دەبوو لە مانگی شەشی ساڵی رابردوودا رەوانە بكرایە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت سێ وچوار مانگێك لەبەردەم پەرلەمانتاراندا هەبێت، بۆ گفتوگۆكردن لەسەری، لە ئێستاشدا پێم وا نییە لەبەردەم پەرلەماندا دوابكەوێت و تا ئێستا چوار دانیشتنی پەرلەمان بۆ بودجە تەرخان كراوە، پێشم وایە بە دانیشتنێكی دیكە گفتوگۆ لەبارەیەوە كۆتایی پێدێت."

* سەبارەت بەمادەی ١٤٠، ئەو مادەیە كەتاكو ئێستا یەك خاڵی بە تەواوەتی جێبەجێنەكراوە، لەرووی ئاسایی كردنەوە و سەرژمێری و راپرسی، بەرای تۆ كەی ئەو مادەی بەتەواوی هەموو خاڵەكانیەوە جێبەجێدەكرێت؟

- مەسەلەی مادەی ١٤٠ راستە لەكاتی خۆیدا جێبەجێنەكرا كە كە وادەكەی كۆتای ساڵی ٢٠٠٧ بۆ و لە ئێستاشدا چەند ساڵێك بەسەر ئەو وادەیە تێپەربووە و كارەكان بەرەو جێبەجێكردنی مادەكە بەشێوازێكی كیسەڵی بەڕێوە دەچێت و لە قۆناغی یەكەمدایە كە بریتی لە ئاساییكردنەوە، لەلایەكی دیكەشەوە بڕیارەكانی لیژنەی شئون شیمالی رژێمی بەعس لە هەندێك ناوچەدا هەڵوەشێندراوەتەوە، ئەوا بۆ خۆی هەنگاوێكە هەر وەك لەماوەی رابردوودا جولەیەك هەبوە بۆ جێبەجێكردنی هەنگاوەكان، بەڵام تاكو ئێستا نەچوەتە قاڵبی جێبەجێكردنەوە، دیارە چەندێك ئیرادە هەیە بۆ جێبەجێكردنی مادەكە ئەوەندەش ئیرادە هەیە بۆ پەككستن و جێبەجێنەكردنی، وەكو كوردیش لە پێش مەسەلەی فیدرالیەتەوە كار بۆ مادەی ١٤٠ دەكەین، و لە هەموو شوێنێكدا كورد جەختی لێدەكاتەوە و جێبەجێكردنیشی پێویستی

بە کارکردنی جدی هەیە و رۆژ بە رۆژ لایەنی سیاسی و میلیشیا و رۆشنبیری عەرەبەکان و بەتایبەتی باشووری عێراقیش ئەو قەناعەتەیان لا دروست بوە کە کەرکوك زوڵمێکی گەورەی لێکراوە و ئەو زوڵمەش بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لەسەری لادەچێت."

* بە پێی هەندێك زانیاری، لەساڵی ٢٠٠٦ەوە، عەرەبە هاوردەکان مامەڵیان پێشکەش کردوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا قەرەبونەکراوەنەتەوە، ١٧٠ بۆ ١٨٠ خێزانی عەرەبی هاوردە مامەڵەکانیان کشاندوەتەوە و دەڵێن قەربوکردنەوەکەمان ناوێت، ئەم کارە تاچەند زیان بە کەرکوك دەگەیەنێت و بە نەگەڕانەوەی ئەوان، دەبنە خەڵکی کەرکوك؟

- بێ گومان ئێمە لە رابردوودا ئەوەمان وتوە کە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە قازانجی هەموو لایەکی تێدایە، لەبەر ئەوەی هەر ناوچەیەك رەوشەکەی جێگیر بوو، ئەو ناوچەیە پێش دەکەوێت، بەڵام ئەگەر بەردەوام لە رارای و هەڵبەز و دابەزدابێت، ئەو ناوچانە پێش ناکەون و خەڵکەکەشی ئارامی بە خۆیەوە نابینێت، بۆیە پێویستە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆی عێراق، جێگیر ببێت، بەوەش پێشکەوتن و وەبەر هێنان روویتێدەکات، تەنانەت دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ زیانی بە عەرەبە هاوردەکانیش گەیاندوە، کە ئەوان بەهۆی کۆمەڵێك پاڵنەرەوە هێنراون بۆ ئەو ناوچانە، ئێستاش بەکۆمەڵێك ئمتیازات دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی سیاسی و کۆمەڵە کەسانێك هەن دەیانەوێت پەکی ئەو پرۆسەیە بخەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە زەرەر بە هاوردەکانیش دەگەیەنێت، جگە لەوەی کە زیان گەیاندنە بە کۆی عێراق، لەکاتێکدا لە قازانجی هەموو لایەکە، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، من دەمەوێ یەك شت روونبکەمەوە لە جێبەجێکردنی داواکاریەکانمان، چ مادەی ١٤٠ بێت چ داواکاریەکانی دیکەشمان بێت، ئەوانەی کە بەداواکاری کورد ناسراوە، دەبێت ئەو راستیە بزانین کە مەرج نییە لە ١٠٠% هەموو هەڵە و خەتاکە بخرێتە سەر شانی لایەنی بەرانبەر، بگرە لایەنی خۆشمان لایەنی کوردیش دەبێت لەو روەوە زیاتر ئەکتیڤ بێت، زیاتر شەو رۆژ بخاتە سەر بۆ دۆزینەوەی ئالیەتی گونجاوتر من ناڵێم ئالیەتی بەدیل واتا مادەی ١٤٠ بگرە فکرەی باشتر بۆ جێبەجێکردنی رۆحی مادەی ١٤٠ دەبێت زیاتر هەوڵ و تێکۆشان بکەین و زیاتر چاوکراوە بین، بۆ ئەوەی رێگە بگرین لەوەی جارێکی دیکە ئەو ناوچانە تەعریب نەکرێنەوە و ئەگەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە ئەو ئالیەت و پلانانەی کە هەمان بوەو نەبوتە هۆی ئەوەی کە دەستکەوتێکی چاکی هەبێت تاکو ئێستا لەجێبەجێکردنی برگە و مادەکانی دەستوور، کە لە سەر داواکاری کورد دانراوە و لایەنەکانی دیکەش پاڵپشتی لێکردوە، دەبێت ئێمە لای خۆمەوە پێداچونەوەی بۆ بکەین و هەڵسەنگاندن بۆ خۆمان و بۆ نوێنەرەکانی خۆمان بکەین، لەبەغدا، لەسەر ئەوانەی چ لە حکومەتن یاخود لەپەرلەمان و شوێنەکانی دیکەن، بۆ ئەوەی بزانین هەڵە وکەموکوڕیەکانمان چی بوە کە تاکو ئێستا مادەی ١٤٠ و بەشێکی دیکەش لە مادەکانی دەستوور جێبەجێنەکراوە، من لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە هەمیشە ئیتکالی بین و پێمان وا بێت کە کێشەکان لایەنی بەرانبەر دروستی دەکەن، بەڵکو ئەمە سیاسەتە ئەمە ئیشکردنە، ئەگەر لایەنی سیاسەت رێگەی نەدابێت ئەم مادەیە جێبەجێبکرێت دەبێت لایەنی کوردی بیر لە ئالیەتێکی دیکە بکاتەوە بۆ مادەی ١٤٠، هەڵبەتە من مەبەستم ئەوەیە

بەشێوەیەکی دیکە کاری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر لایەنی بەرانبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە."

* سەبارەت بە کۆنگرەی نیشتمانی، کوتلە و لایەنە سیاسیەکان هەریەکەوە و لای خۆیەوە بە ژمارە کۆمەڵێك خاڵیان ئامادەکردوە، وەکو کورد چیتان ئامادەکردوە؟

- ئەگەر بکرایە ئەو پرسیارە لە ئەو برادەرانەی کە لە ئەندامی لیژنەی کۆنگرەکە بکرایە باشتر دەبوو، ئێمە وەکو نوێنەرانی کورد بەردەوام هاواری ئەوەمانە کە کوردیش وەرقەی خۆی هەبێت، چونکە ئەمە کۆنگرەی نیشتمانیە و تایبەت نییە بە لایەنی عێراقیە و هاوپەیمانی نیشتمانی، تەنانەت ئەو دوو لایەنە دەڵێن نابێت کۆنگرەکە تەنها لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نێوانمان بێت، لەئێستاشدا هەوڵی جدی هەیە بۆ گۆڕینی ناوی گۆنگرەکە بۆ ئەوەی لە ئاستی گرنگی گۆنگرەدا نەبێت، بەڵکو وەکو ژوانگەیەك بێت، بەڵام ئێمە بەردەوام بانگەشەی ئەوەمان کردوە، کە کوردیش دەبێت کێشە هەڵواسراوەکانی خۆی و ئەو مادانەی کە لەدەستووردا هاتوە و تاکو ئێستا خاوەخاوی لێکراوە و جێبەجێ نەکراوە بیخاتە روو، وەکو مەسەلەی تاکگەڕایی لە هەندێك بڕیاری سیاسی و نەبونی شەراکەت لە بڕیارە سیاسیەکان و تێکچونی هاوسەنگی لەنێوان لەدام و دەزگا باڵاکانی دەوڵەت و ئەمە جگە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پەلەکردن لە داواکاریەکانی کورد، کە لەسەر داواکاریەکانی چوەتە نێو حکومەتی عێراقیەوە و حکومەتی عێراقی لەسەر ئەو داواکاریانە پەیدا بوە چونکە رۆژێك لە رۆژان، هیچ لایەنێکی عێراقی ئامادە نەبوون لەگەڵ دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانێتی بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، تەنها کورد لاری نەبوو، لەبەر ئەوەش لاری نەبوو چونکە دەوڵەتی یاسا زیاتر لە کوتلەکانی دیکە ئامادەی تێدا بوو بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی، کە بە وەرقەی کورد و ١٩ خاڵیەکە ناسراو بوو، بۆیە دەبێت کوردیش وەرقەیەکی تۆکمەی هەبێت، هەرچەندە راستە کە کورد کە سەرۆك کۆمار وەکو سەرپەرشتیار کۆنگرە نیشتمانیەکە بەڕێوە دەبات، بەڵام لایەنێکی دیکە و چەند کەسێکی دیکە کە نوێنەرایەتی کورد و نەتەوەی کورد دەکەن و نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوانە ناوبژیکەر نین بەڵکو ئەوان لایەنێکی دیکەی پرسە سیاسیەکەن و پێویستە وەرقەی خۆیان هەبێت و داواکاری خۆی هەبێت.

* لەچوارچێوەی ئەو رێکەوتنامە و داواکاریانەی کە کورد کردویەتی لە حکومەتی عێراق هیچ خاڵێکی تا ئێستا جێبەجێکراوە؟

- بەشێوازێکی گشتی داواکاریەکانی کورد بوەتە دوو بەشەوە، کە یەکێکیان تایبەت بەکۆی عێراق و پرۆسەی سیاسی و جەختکردنەوە لە دەستوور و دیموکراسیەت لە عێراق، بەشێکی دیکەیان تایبەت بوو بە هەرێمی کوردستان، کە بە کێشە هەڵپەسێردراوەکان ناودەبرێت، و وەکو پەلەکردن لە جێبجێکردنی یاسایی نەوت و غاز و مادەی ١٤٠ و دانانی سەقفی زەمنی، تا دەگاتە گرفتی بودجەی پێشمەرگە، لە راستیدا ناوەڕۆکی هیچ داواکاریەکی کورد وەکو ناوەڕۆکی خۆی جێبەجێنەکراوە، کە یەکێك لەوانە داواکاری کورد بۆ پۆستەکان، کە وەکو خۆی جێبەجێنەکراوە، هەرچەندە مەسەلەی پۆستەکان لەلیستی گرنکی خاڵەکانی کورد، لەدوایین خاڵە، کەچی ئەو خاڵانەشیان وەکو پێویست جێبەجێنەکردوە، لایەنی بەرانبەریش ئیمزای لەسەر ئەوە کردوە کە جێبەجێی بکات و لە بەیاننامەکانیشیاندا جەخت لە جێبەجێکردنی دەکەن، کەچی سەرەڕای ئەو بەڵێنانەش بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکان، بەڵام هەر جێبەجێی ناکەن،

ئێمە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ئەمە حەقیقەتێکە و لەبەردەماندایە دەبێت بیر لە ئەگەرەکانی دیکە بکەینەوە، چونکە ئەمە سیاسەتە، ئەمە هونەری ئەگەر و ئیحتیمالاتە ئایە ئەگەرەکانی دیکەمان چییە، ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوتوە کە لایەنی بەرانبەر راستە بەڵێن دەدات، بەڵام پێدەچێت خاوەخاو بکات لە جێبەجێکردنی و ئێمە بۆ هەندێکجاریش سەقفی زەمەنیمان بۆیان دیاری کردوە، بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانین کە لایەنی دیکە هەبوە وەعدیشی نەداوە ئامادە نەبوە تەنانەت وەعدەکەش بدات، کە لایەنێکی گەورەن لە پرۆسەی سیاسی عێراقیدا، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵەکانی خۆمان چڕ بکەینەوە و سیاسەت بەشێوازێکی جوان بەکار بهێنین بۆ ئەوەی وا لەو لایەنە بکەین کە هەنگاو بە هەنگاو ئەو خاڵانەی ئێمە جێبەجێ بکات و ئێمەش هەنگاو و ئامرازە سیاسیەکانی گوشاری خۆمان لەرووی مەدەنی و سیاسیەوە چڕتر بکەینەوە بۆ ئەو مادەیە دەنا ئەگەرەکانی دیکەش دەبێت بزانین بەرەو چ ئاراستەیەکمان دەبات ئایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرەو باشتر جێبەجێکردنی خاڵەکانمان، یاخود قورستری دەکات، ئەمانە دەبێت هەمووی لەلایەنی کوردی و سەرکردایەتی کورد بەهێمنی بیر لە هەموو ئەگەرەکانی دیکە بکەنەوە بۆ باشتر جێبەجێکدرنی ئەو رێکەوتنامەیەی کە حکومەتی نوری مالیکی پێکهێنراوە.

* سەبارەت بە زمانی کوردی کە لە مادەی چواری دەستووردا هاتوە کە زمانی کوردی و عەرەبی وەکو زمانی رەسمی بناسرێن، بەڵام تاکو ئێستا لەشاری کەرکوکدا دەبینین زۆربەی نووسراوەکان تەنها بە زمانی عەرەبیە؟

- مادەی چواری دەستوور مادەیەکی زۆر باشە ، بۆ یەکەمجارە لەنێودەستورەکانی عێراقیدا بەو شێوازە باس لەوە کراوە کە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی رەسمین لە عێراقدا لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ باسی زمانی کوردی کردوە، بەڵام بەو شێوەیە باسی لێوەکراوە کە زمانی کوردی زمانی رەسمیە تەنها لە ناوچەکانی حوکمی زاتی و ئەتۆنۆمی، ئەم دەستوورەی ئێستا بۆ یەکەمین جارە کە بەراشکاوی بڵێت زمانی کوردی و عەرەبی زمانی رەسمین لە سەرتاسەری عێراق، لە دەزگاکانی حکومەتی فیدالی، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك روونکردنەوەی تێدا هاتوە و ئەوەی تێدا شی کراوەتەوە کە زمانی رەسمی واتای چ دەگەیەنێت، کە دەبێت لەسەر پارە و پاسەپۆرت و تابلۆی دەزگاکان و کۆمەڵێك شتی دیکەی باس کردوە کە زمانی کوردی تێدا بنووسرێتەوە، وەکو نێو پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام مادەی دەستووری بریتیە لە رووح و فەلسەفەی قانونەکانی دیکە کە دەبێت دابڕێژرێت، واتا هەندێك جار مادەکانی دەستوور جامدن و پێویستی بەقانون هەیە بۆ ئەوەی زیاتر روونی بکاتەوە، بەداخەوە لەماوەی چوارساڵی خولی پێشوو نەتوانرا، لە ئێستادا نزیکەی ساڵێکە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەین و پێشنیازێك ئامادەکرابوو بۆ ئەو مەبەستە بەڵام بەر لەوەی ئیش لە پێشنیازەکە بکەین، بینیمان کە حکومەت کاری لەسەر کردوە، کە رەوانەی پەرلەمانی بکات، لە راستیدا بەر لەمانگێك پرۆژەی زمانی رەسمی کە حکومەت ئامادەی کردوە گەیشتە پەرلەمان، بەڵام پرۆژەکە پڕە لە هەڵە و کەموکوڕی، واتا بەشێوەکە لەوپەری حاڵەتی ئامادەباشیدا نەتوانراوە تێپەڕێندرێت، واتا قانون دەبێت تێر و تەسەل بێت، وەکو قانونی زمانە رەسمیەکانی کەنەدا بریتیە ١١٠ مادە، کەچی پرۆژەکەی حکومەت تەنها لە ١٥ مادە پێکهاتوە و نەیتوانیوە لە دەستور تێپەڕێندرێت و ئەو ١٥ مادەیەش هەڵە و کەموکوڕی تێدایە، ئەوەی کە بەرچاو دەکەوێت و دەمەوێت بە رۆژنامەکتانی بڵێم، ئەوەیە ئەو پرۆژەیە کە گەیشتە پەرلەمان هەوڵێك درا

بۆ مرادندنی، بەبەڵگەی ئەوەی کە ناوی چوار لیژنە نووسرا کە ئەرکی ئیشکردنی لەسەری بگرێتە ئەستۆ، لیژنەکانیش بریتی بوون لە خودێندنی باڵا و دارای و پەروەدە و قانونی، تەنها لایەنی لیژنە رۆشنبیری و راگەیاندنی تێدا نەبوو کە تاکە لیژنەیە پەیوەستە بەو کارە، ئێمە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان قسەمان کرد و کە تەنها بۆ ئەو لیژنەیەی رەوانە بکات، کەچی لیژنەی رۆشنبیری خستە پاڵ لیژنەکانی دیکەوە، هەرچۆنێك بێت پرۆژەکە لە هەفتەی رابردوودا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو و تێبینی خۆمان لەسەر هەڵەکان راگەیاند، بەڵام هیواداریین کە لەدوای خوێندنەوەی دووەمدا بتوانین ئەو هەڵانە چارەسەر بکەین، کار بۆ ئەوەش دەکەین کە ئامانج لە زمانی رەسمی دەربخەین و وەکو مادەی زیادکراوە دەیخەینە نێو پرۆژەکە و دواتر دەخرێتە دەنگدانەوە و پشت بەوە دەبەستێت کە تا چەند دەنگ بەدەست دێنێت.

سەرچاوە: هەواڵ